لە دەوروبەری شاری حومس تەقینەوەی چە بیستران بەهۆی هێرشی ئیسرائیلەوە

دوێنێ شەو بەرگری ئاسمانیەکانی سوریا لە شاری حومسی ناوەڕاستی سوریادا ڕووبەڕووی ئامانجی دوژمنکاری بوونەوە، لە ئێنجامی هێرشێکی ئیسرائیلی، وە لە دەوروبەری شاری حومس تەقینەوەی چە بیستران.

شەوی ڕابردوو فڕۆکەکانی ئیسرائیل ژمارەیەک موشەکیان لە ناوچەکانی لوبنانەوە تەقاندەوە بەرەو چەند ئامانجێک لە دەوروبەری شاری حومسی ناوەڕاستی سوریادا، سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند، کە چەکەکانی بەرگری ئاسمانی سوریا توانیان بە ڕووبەڕووونەوەی ئەو دەستدرێژییە، وە تا ئێستا توانیویانە زەربەی مووشەکەکانی ئیسرائیل بەر لەوەی بگەنە ئامانجەکانیان تێک بشکێنن.

ئەمە سێیەم هێرشی موشەکی ئیسرائیلە بە سوریا لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا، و شەوی هەینی ڕابردوو فڕۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل چواردەوری دیمەشقیان کردە ئامانج، ئەمەش بووە هۆی زیانی ماددی، هەمان شت لە شەوی پێنجشەممەی ڕابردوودا.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە چەندین جار سوریا داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە کە هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر خاکەکەی ئیدانە بکەن.